

# ئەو ماوسەی کە دەبێتە CD

ماوس ئەو ئامێرەیە کە بە شاکلیلی ئەنجامدانی فەرمانەکانی کۆمپیوتەر دادەنرێت، هەتا ئێســـتا ئەرکی ماوس ئەوە بووە کە ئەرکی ئەنجامدانی فەرمانەکان ئاسان بکاتەوە، بەڵام پێدەچێت بەرهەمهێنەرانـــی بواری تەکنەلۆژیای نـــوێ هەر بەتەنیا بە سپاردنی ئەنجامدانی ئەرکەکانی کۆمپیوتەر بە ماوس نەوەستن و ئەرکی دیکەشی پێبسپێرن، وەك ئەو ماوسەی کە لەوێنەکەدا دەیبینن.

ماوســـی جۆری disk mouse، ماوسێکی بچوکە کە دەتوانرێت ببێتە CDیەك و داتاکانتی لەســـەر خەزن بکرێت. لەکاتی پێویستیشدا CDیەکە شێوەکەی دەگۆڕدرێت و دەبێتە ئەو ماوســـە قوچەکەییە. ماوســـەکە وەك باشـــترین ئامێری دیجیتالی خەڵاتـــی Sparks Concept Design وەرگرت.

# کیبۆردێک وزەی خۆی لە هەتاو وەردەگرێت

کیبۆرد واتە تەختەی دوگمەکان، گرنگترین پارچەی کۆمپیوتەرە کە بەکارهێنەر و کۆمپیوتەر پێکەوە پێوەند دەدات، بەبێ کیبۆرد ناتوانرێت هیچ فەرمانێك جێبەجێ بکەی. بە زۆری کیبۆرد وزەی پێویســـتی خـــۆی لە خـــودی کۆمپیوتەرەکەوە جا بەهۆی کێبڵی پۆرت بێت، یان کێبڵی USB وەردەگرێت، بەڵام کیبۆردی وایەرلەیس لە باتری وزەی پێویستی خۆی وەردەگرێت. کۆمپانیای Logitech کیبۆردێکی بەرهەم هێناوە کە بە جۆری K750 ناسراوە.

کیبۆردەکە لەگەڵ هەردوو سیســـتەمی ماك و ویندۆز دەگونجێت، ئەو کیبۆردە وزەی خۆی لـــە هەتاو وەردەگرێ، کیبۆردی K750 ئەگـــەر یەك ڕۆژ لەبـــەر هەتاو دابندرێ، هەتا ســـێ مانگی دیکە پێویســـتی بە وزەی نابێت. پێکهاتەی کیبۆردەکە لە پلاستیك دروست نەکـــراوەو بۆیە لەکاتی تێکچوونیدا کە بوو بە زبڵ هیچ زیانێکی بۆ ژینگە نابێت.




# دووربینی ڕاو و کامێرای فیلم گرتن

جار هەیە دیمەنێك لە دووری دوورەوە سەرنجت رادەکێشێ، دیمەنەکە هەرچییەك بێت دیمەنی ئاســـکێکی کێوی، یـــان باڵندەیەکی جوان کە رەنگە بە نزیك بوونەوە لە شـــوێنی گیاندارەکان ئیدی ئەوان ڕابکەن و بڕۆن و دیمەنەکەشت لە کیس بچێت و نەتوانی وێنەیەکی جوانیان بگری. لەکاتی وادا حەز دەکەی و ئاواتتە کە دووربینی ســـەیرکردن توانیبای هەم دیمەنەکە نزیك بکاتەوەو هەم وێنەی بگرێت. کۆمپانیای ســـۆنی کـــە یەکێکە لە کۆمپانیا گرنگەکانـــی بەرهەمهێنانی دیجیتالی، لەم دواییانەدا دووربینێکی راوی بەرهەم هێناوە کە جگە لەوەی دیمەنەکان نزیك دەکاتەوە بەکوالیتی HD وێنەشیان دەگرێت. جگە لەوەش وێنەکان بە شـــێوەی ســـێ رەهەندی دەگرێت واتە 3D. وێنەکان بە کوالیتی 10X لەســـەر کارت میمۆری خەزن دەبـــن. هەروەها میکرۆفۆنێکی تایبەتیشی بۆ تۆمارکردنی دەنگ لەگەڵدایە



# چەند زانیارییەکی گرنـــ





ڕەنگە ئێســـتا زۆربەی کۆمپیوتەرەکان سیستەمی ویندۆز٧یان دانابێ، تۆی خوێنەری بەڕێـــزی ئەم لاپەڕەیەش ڕەنگە هەروات کردبـــێ، چونکە ویندۆز٧ بە بـــەراورد بـــە ویندۆزەکانی دیکە سەرکەوتووترە و تواناکانی زیاترن، بەڵام ڕەنگە نەزانی زۆر توانای شاراوە هەن لەو ویندۆزەدا هەستت پێنەکربێ، بۆ ئەم مەبەستە باس لە دوو توانای گرنگی ویندۆز٧ دەکەین.

١- پەرەپێدان و زیاترکردنی کلیکی لای ڕاستی ماوس: کلیکی ڕاســـت کردن لەســـەر فایلێك، یان فۆڵدەرێك، چەندین فەرمانت نیشـــاندەدا وەك، کۆپی کردن، کردنەوە، یان گۆڕینی ناوی فایل یا فۆڵدەر. ئێســـتاکە ئەگەر لەکاتی داگرتنی دوگمەی کلیکی ڕاســـتدا، دوگمەی shift دابگری، فەرمانەکانی وەك کردنەوە




## کارتی شاشەی دەرەکی گۆڕانکارییەکی گرنگ لە لاپتۆپدا

کارتی شاشە واتە "VGA card" یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی کۆمپیوتەر، لە کۆمپیوتەری جۆری لاپتۆپدا بەهۆی یەکپارچە بوونی بەشەکانی کۆمپیوتەر، ناکرێت گۆڕانکاری لە پارچەکاندا بکرێت، مەگەر پارچەکە بە شێوەیەکی دەرەکی لە لاپتۆپەکە بخرێت. هەموومان هاردی دەرەکیمان بیستووە، لەم دواییەدا کۆمپانیای MSI کارتی شاشەیەکی دەرەکی بەرهەم هێنا کە لە ڕێگای پۆرتی USB یەوە لە لاپتۆپ دەخرێت و دەبێتە هۆی بردنە سەری خێرایی لاپتۆپەکە. ئەو کارتی شاشەیە بۆ کاری مونتاژ و گرافیك زۆر سوودمەندە. کارتەکە 2 گیگابایتە. جگە لەوەش شوێنی TV OUT و هەروەها DVو HDی هەیە.




## خێراترین کارتی شاشە لە جیهاندا

کارتی شاشە یان "گرافیك کارد" پارچەیەکی گرنگی کۆمپیوتەرە، بەبێ بوونی ئەم پارچەیە هیچ فیلم و وێنە و گەیم و ئەرکی گرافیکی ئەنجام نادرێن، هەتا کارتی شاشە بەرزتر بێ کوالیتی نیشاندان بەهێزتر دەبێت. کۆمپانیای گیگابایت کە یەکێکە لە بەرهەمهێنەرانی پارچەکانی کۆمپیوتەر، لەم دواییانەدا نوێترین کارتی شاشەی بەناوی GTX560 Ti خستە بازاڕەوە کە 21% کارایی لە کارتی شاشەکانی پێش خۆی لەسەرترە. کڵاوەی ناوەکی ئەم کارتە دەگاتە 1000 میگاهێرتز کە ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە.

سیستەمی فێنککەرەوەی ئەم کارت شاشەیە لە دوو فەن "پەنکە" پێکهاتووە. کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کەکارتی شاشەکە هیچ کات گەرم دانەیەت، چونکە گەرم داهاتنی کارتی شاشە دەبێتەهۆی ئەوەی کەخێراییەکەی لەدەست بدات.



## ـــگ لەبارەی ویندۆز7ەوە




فایل یان فۆڵدەری بەنێوێکی نوێوە، کردنەوەی پەنجەرەی فەرمان..تاد.

٢- بەخێرایی کردنەوەی پرۆگرامەکان بەهۆی Administrator: زۆر لە پرۆگرامەکان بۆ کردنەوەی دروست و خێرایان لەلایەن بەڕێوەبەری سیستەم یان Administrator دەکرێنەوە، بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنەر دەبێ لەسەرەتادا لەسەر فایلی مەبەست کلیکی راست بکا و فەرمانی Run as administrator لێبدا، گەر لەکاتێکدا پێویست بکات چەندین فایل پێکەوە بکەیەوە، رەنگە بەم شێوازە زۆر بخایەنێ، بەڵام خێراترین کار لەم کاتەدا ئەوەیە دوو دوگمەی Ctrl و Shift پێکەوە دابگری.

## بە فایرفۆکس سایتەکان بە 3D ببینە

حەز دەکەی ئەو سایتانەی دەیانکەیەوە و سەردانیان دەکەی بە شێوەی سێ ڕەهەندی واتە 3D بیانبینی. رەنگە وابیربکەنەوە شتێکی وا نەگونجاو بێت، بەڵام گەر لە پرۆگرامی فایرفۆکس بۆ کردنەوەی سایتەکان سوود وەردەگرن، بێگومان سەیرکردنی سایتەکان بەشێوەی سێ ڕەهەندی زۆر ئاسانە. دابەزاندنی فایلێکی زۆر بچووك کە بە Tilt ناسراوە دەتوانی گشت سایتەکان بە شێوەی سێ ڕەهەندی ببینی. دوای ئەوەی فایلەکەت وەرگرت کە گوگلدا سێرچی بکەن و بیدۆزنەوە، فایلەکە رابکێشنە ناو پرۆگرامی فایرفۆکس ئەو کاتەی کە کراوەتەوە. پاش چەند چرکەیەك پرۆگرامەکە سێتەپ دەبێت و دواتر پرۆگرامی فایرفۆکس ئۆتۆماتیکی ریستارت دەبێتەوە. ئیدی لەمەولا بە داگرتنی سێ دوگمەی Shift+ctrl+M دەتوانن سایتەکەتان بە سێ ڕەهەندی ببینن بۆ سوڕاندنی سایتەکە لە دوگمەکانی W. D. S. A سوود وەربگرن. بەڵام دەبێت ئاگادار بن کارت شاشەی کۆمپیوتەرەکەتان توانای ئەوەی هەبێ کە پرۆگرامی سێ ڕەهەندی بکاتەوە.






# ماڵپەڕێک بە ویستی تۆ پرێنت دەکات

گەلێـك جاران كە سـایتێك دەكەیـەوە، نیازتە تەنیا بەشـێك لە پەرەگرافێك، یان نیوەی لاپەڕەیەك یان تەنیا دەقەكانی ناو سایتەكە، یان تەنیا وێنەكانی ناو سـایتەكە پرێنت بكـەی، هیچ پرێنتەرێك ناتوانێ ئەم لێكهەڵاواردنـە بكات، واتە لەكاتی پرێنتكردندا ناكرێت وێنـە لە دەق جیـا بكاتەوە، یـان پەرەگرافێك لـە پەرەگرافێكی دیكە، یان فۆنتی نوسـینەكەت كە بەدڵت نییە بگۆڕێت. سـایتی printwhatyoulike ئەو سایتە گرنگەیە كە دەتوانێت ئەوەی حـەزت لێی كرد پرێنتی بكەی. خزمەتگوزاری "ئەوەی حەزت لێیە چاپی بكەی" ناوی سایتەكەیە.

لە سـایتەكەدا زۆر بە ئاسانی حەزت لە چ بەشێك لە سایتێك بوو بە سێ هەنگاو دەتوانی پرێنتی بكەی:

١- لەسەرەتادا ئەدرەسی سایتەكە لە بەشی start دا بنووسە.

٢- پاشان فەرمانی start لێبدە.

٣- دواتر ئەوەی كە دیاری دەكەی دەتوانی چاپی بكەی.

هەر لەو سایتەدا كورتە گرتەیەكی ڤیدیۆیی هەیە كە هەنگاوەكانی پرێنت كردن لەم سایتەدا بە جوانی ڕوون دەكاتەوە.

# میدیا پلەیەرێکی فول HD

كۆمپانیـای zebronics بـەم دواییانـە ئامێرێكـی میدیاپلەیـەری PMPی بەرهـەم هێناوە كـە تەواو HDیـە. ئامێرەكە شاشـەكەی تەواو لەمسـییە، وێنەكان بە كوالیتی HD نیشـان دەدات، پشـتیوانی فۆرماتی زۆربەی فایلە مۆسیقی و ڤیدیۆییەكان دەكات، شاشـەكە تەنیا سـێ ئینجە، بەڵام كوالیتی نیشاندانی ڤیدیۆییەكانی ٧٢٠ پیكسلە. دیزاینەكەی هەروەك لە وێنەكە را دیارە زۆر سەرنجراكێشـە، میمۆریی ناوخۆیـی ٤ گیگابایتە و دەكرێ بەهـۆی كارت میمۆری ١٦ گیگابایتیشی بۆ دابندرێت.

باترییەكەی لە هەر جار شەحنكردنەوەدا ١٠ كاتژمێر مۆسیقی و ٣ كاتژمێر فیلمی پێ لێدەدرێت.




# كتێبخـ

كتێبخانەیەكـی دیجیتالی جیهانـی كرایەوە بەمەبەسـتی نیشـاندانی كەلتـووری گەلان بە چەندین زمانی جیهان، كتێبخانەكە ئێستا سوودی لێوەردەگیرێت. لـەو كتێبخانە دیجیتالییەدا كتێبە گرانبەهـا و نایابەكان، نەخشـەكانی مێژوویی، دەستنووس، فیلم وێنە لە كتێبخانە و ئەرشیفەكانی سەرانسـەری جیهان وەرگیـراوە، كتێبخانەكە بە حەوت زمانی زیندووی جیهانە، عەرەبی، چینی،



# سپیکەری مۆبایل و میدالیای سویچ

مۆبایل ئێستا کە ئامێرێکی گشتگیرە و زۆربەی ئەرکەکان لەکۆڵ دەکاتەوە، تەنیا گرفتێك کە هەیبێت هەڵبەتە لە زۆربەی مۆبایلەکان کێشەی دەنگ و نەبوونی سپیکەری بەهێزە، بۆ ئەم مەبەستە لەم دواییانەدا کۆمپانیای iluv سپیکەرێك واتە "بلندگۆ"یەکی بەرهەم هێناوە کە قەوارەکەی بەقەد میدالیایەکی سویچ دەبێت. سپیکەرەکە بە جۆری isp110 ناسراوە. ئەو سپیکەرە لە زۆربەی ئامێرە دیجیتاڵییەکانی وەك مۆبایل و میدیا پلەیەر و MP3 دەخرێت.





# دروستکردنی پرۆژەی ئەنیمەیشنی 3D زۆر بە ئاسانی

بۆ دروستکردنی وێنەی سێ رەهەندی واتە 3D گەلێك پرۆگرام هەن، هەندێك لە پرۆگرامەکان تەنیا بۆ بەکارهێنەرانی پیشــەیی و دەبێت شارەزاییەکی زۆر باشت لەو بوارەدا هەبێت ئەگینا تێیدا ســەرکەوتوو نابی، هەندێك پرۆگرامیش شــێوازی بەکارهێنانیان زۆر ســادەیە کە بۆ ئەوانەی کە شارەزاییەکی ئەوتۆشیان نییە دەتوانن وێنە و پرۆژەی سێ رەهەندی دروســت بکەن. یەکێك لەم پرۆگرامانە Aurora 3D Animationـە، جگە لەوەی کە وێنەکان دەکاتە ســێ رەهەندی دەتوانرێت ئەنیمەشینی جووڵەداریشی پێ بەرهەم بێت. ئەو ئەنیمەشنانەی کە لە زۆر سایتەکاندا ســوودیان لێوەردەگیرێت. لەو پرۆگرامەدا ســەدان وێنەی جووڵەداری تێدایە کە بە ئەلای یەکدانانیان دەتوانی پرۆژەیەکی سێ رەهەندی دروست بکەی.

## ـــانە دیجیتاڵییەکەی جیهان کرایەوە

ئینگلیزی، فەرەنســی، پورتوگالی، رووســی و ئیسپانیاییە.
32 بنکەی رۆشنبیری لە وڵاتەکانی بەرازیل، بەریتانــیا، چین، میســر، فەرەنســە، ژاپۆن... تاد هــاوکاری ئەو پرۆژەیان کردووە کە ســەر بە رێکخراوی یونسکۆیە. بۆ ئەو کەسانەی ئارەزووی خوێندنەوەیان هەیە دەتوانن ســەر لەم ئەدرەســە www.worlddigitallibrary.org یان ئەم ئەدرەسە http://www.wdl.org/en بــدەن. بۆ ئەوەی کە پــرۆژەی کتێبخانەی دیجیتالی جیهان سەربکەوێت، کۆمپانیای گوگڵ سێ ملیۆن دۆلار و دامەزراوەی قەتەر سێ ملیۆن دۆلار و دامــەزراوەی کارنگی دوو ملیۆن دۆلار و کۆمپانیای مایکرۆســۆفت و زانکۆی زانستی تەکنۆلۆژیــای مەلیك عەبدوڵڵا هەرکام ملیۆنێك دۆلاریان پێبەخشیوە.






# هــەر جــارەو وەڵامــی پرسیارێــك

خوێنەرێکی بەرێز پرسیاری ئەوە دەکات کە ئایا چۆن دەکرێت لە مایکرۆســۆفت Word دا لە کاتی کردنەوەی پرۆگرامەکەدا شــریتی start up taskی بــۆ دەرنەچێــت، واتە ئەو شــریتەی کە نیشان دەدا پێشتر چ فایلێك کراوەتەوە و چ کاتێك کراوەتەوە.
خوێنــەری بەرێز دەتوانی لــەو کاتەی کە پرۆگرامەکەت کردەوە، بچیبە ســەر بەشــی toolsو لەوێ لەسەر فەرمانی Options کلیك بکە، پاش ئەوەی کە پەنجەرەیەکی نوێ کرایــەوە بچۆ فەرمانــی Show بدۆزەوە و لەو بوکســانەی کە هێمای سەحیان بەسەرەوەیە هێمــای start up task pane لابدە. ئیدی لەکاتی کردنەوەی پرۆگرامەکەدا هێمای start task دەرناچێت.